
# گەلکوژی دارفور و بێدەسەڵاتیی و ناتەبایی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی




**شاخەوان شۆڕش**
2006.09.28

کارەساتی پاکتاو و "گەلکوژی" دارفور کارەساتێکی گەورەی مرۆڤایەتییە، کارەساتەکە لەبەرچاوی جیهان بەردەوامە بەجۆرێ کە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی و زلهێزەکانی جیهان لە ئاستیدا پاسیڤ و بێدەسەڵاتن. ئەو کارەساتە دیسان جیهانی خستۆتە بەردەم دوڕیانی نێوان ڕێگای دەستێوردانی مرۆڤانە و پێشگرتن بە کوشتوبڕی زیاتر یا ڕێگای بێدەنگی و بەرزکردنەوەی بەرژەوەندی ناسیونالیستانە.

دارفور لە دوو وشەی دار – فور پێکهاتووە و واتە وڵاتی فور. دارفور خراوەتە چوارچێوەی وڵاتی سودان و دەکەوێتە ڕۆژئاوای ئەو وڵاتە، بەقەد وڵاتی فەرەنسا گەورەیە، زۆرینەی دانیشتوانەکەی ڕەشە ئەفریکاییە موسوڵمانەکانن. دارفور وەکو گەلێ شوێنی دی قوربانی پاشماوەی کۆلۆنیالیزمە. خەڵکی دارفور خەبات بۆ پارێزگاری وڵاتەکەیان، مافی ئۆتۆنۆمی و خۆبەڕێوەبردن دەکەن. لەماوەی ساڵانی ڕابردوودا دەسەڵاتی ئیسلامی سودان پشتگیری خێڵە عارەبە کۆچەرەکانی لە دارفور کردووە و یارمەتی نیشتەجێبوونیانی لە وڵاتی دارفور داوە، واتە پیادەی بەعارەبکردنی وڵاتی دارفوریەکانی کردووە. بەشێوەیەکی سەرەکی هەرئەوەش بووەتە هۆی ڕاپەڕینی خەڵکی دارفور دژی عارەبەکان و دەسەڵاتی سودانی لە ساڵی 2003 دا. لەو ساڵەدا ناکۆکی نێوان خەڵکی ڕەسەنی دارفور و خێڵە عارەبەکان لەژێر سەرپەرشتی هێزی میلیتسی جەنجەویددا بە خێرایی پەرەیسەند. شەڕێکی نابەرابەر لە نێوان میلیتسی جەنجەوید بە پشتگیری حکومەتی سودان هەروەها خەڵکی دارفور و پارتە ڕزگاریخوازەکانی ئەوێ دەستپێکرد. هێزەکانی جەنجەوید بە پشتگیری دەسەڵاتی سودانی دەستیان بە پاکتاوێکی سیستەماتیکیانەی وڵاتی دارفور کرد، بە سەدان گوندیان سوتاند و لەگەڵ خاکدا تەختیان کرد، کۆکوژیەکی بەرفراوانیان دژ بە خەڵکی سڤیل درێژەپێدا، دەستدرێژیان کردە سەر هەزاران منداڵ، کچ و ژنی دارفور، تاوانکاری و درندەیی جەنجەویدەکان وایکرد ملیۆنەها دارفوری زۆربەی ناوچەکانی خۆیان جێبهێڵن و ڕوو لە سنورەکانی ڕۆژئاوا بکەن.  بە پێی دوا ئاماری مەزەندەکراو، 90 لەسەدای خەڵکی دارفور هەڵاتوون و وڵاتی خۆیان جێهێشتووە، نزیکەی 300.000 سێسەدهەزار کەس کوژراون[1].

لە سێپتەمبەری ساڵی 2004 دا، مینستەری دەرەوەی ئەمەریکا کۆلن پاول گوتی، "ئەوەی لە دارفور ڕوودەدات گەلکوژییە، تاوانبارانیش میلیتسی جەنجەوید و ڕژێمی سودانن". ئەوەش بە پشتبەستن بە لێکۆڵینەوەیەک کە لەلایەن پەنتاگۆنەوە ئەنجام درابوو[2]. نینا بانگ–یەنسن کە بەڕێوەبەری گروپی NGO یە و سەرپەرشتی لێکۆڵینەوەکەی کردووە، ئەوسا گوتی، "ئەوە گەلکوژییە، کاردانەوە و هەڵوێست وەرگرتن، مۆراڵیانە و یاساییانە پێویستە". جێگای

**بیرخستنەوەیە کۆمەڵێ شارەزا لە نێویاندا سەمەنسا پاوەر بەشداریان لە لێکۆڵینەوەکەدا کردبوو. شایانی گوتنە کۆنگرێسی ئەمەریکایی، هەروەها ڕێکخراوی جیهانی مافەکانی مرۆڤ، ئەوانیش کارەساتی دارفور بە گەلکوژی دادەنێن.**

**لە فێبریوەری ساڵی 2005 دا، ڕاپۆرتێکی UN کە لە لایەن پێنج شارەزای یاساناس ئامادەکرابوو، هێمای بۆ بوونی تاوانکاری جەنگ و تاوان دژ بە مرۆڤایەتی لە دافوردا کرد، بەڵام گوتیان بەڵگەی بوونی تاوانی گەلکوژی بە واتای مەبەستی لەناوبردنی گەلێک لە ئارادا نییە[3]. ئەوەش ئەنجامێکی ناتەبای لێکۆڵینەوەکەی ئەمەریکا بوو. ئەمەریکاییەکان ئەو ئەنجامەیان پەسند نەکرد و جەختیان لەسەر بوونی تاوانی گەلکوژی کردەوە.**

**لە مارسی 2005 دا ڕاپۆرتێکی بریتانی کە لە لایەن کۆمیتەیەکی سەر بە پارلەمان ئامادەکرابوو، ڕەخنەی لە ڕاپۆڕت و خەمڵاندنەکانی UN گرت و ڕایگەیاند، کەوا ژمارەی قوربانیان خۆی لە 300.000 هەزار کەس دەدات[4]، ئەوەش زۆر لەو ژمارەیەی UN (سەرەتا 70.000 و دواتر کردیانە 180.000 قوربانی) زیاترە. هەروەها لە ڕاپۆرتەکەدا ڕەخنەی توند ئاراستەی هەڵوێستی پاسیڤی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی دەکرێت.**

**بەهۆی گوشاری دەرەکی ڕژێمی سودانی بڕیاری داوە میلیتسە جەنجەویدەکان چەک بکات، بەڵام ئەوە هەر گۆتنە و تا ئێستا هیچ هەنگاوێکی ئەوتۆی نەناوە.**
**هەروەها پێشنیاری دادگاییکردنی تاوانباران لە دادگای نێونەتەوەیی بۆ تاوانکاری ICC لە های کرا، بەڵام سودان دژی وەستا و خۆی دادگایەکی ناسیونالی لە خەرتوم بۆ تاوانباران داناوە. لە لایەکیتر ئەمەریکا دژی دادگاییکردنی تاوانباران لە دادگای های وەستا، چونکە مەترسی ئەوەی هەیە کە هاوڵاتیانی ئەمەریکایی لە دادگایەکی ئەوهادا لەسەر تاوانکاری جەنگ بدرێنە دادگا. (ئەمەریکا واژووی ئەو دادگایەی ICC نەکردووە، تەنها ئەو وڵاتانەی پەسندی دادگایەکەیان کردووە، دەتوانرێ هاوڵاتیانیان لەو دادگایەدا بدرێنە دادگا).**
**هەروەها ئەمەریکا و هەندی وڵاتی ڕۆژئاوا پێشنیاری گەمارۆیان بۆ سەر پیشەسازی نەوت بۆسەر ستاتی سودان کرد، بەڵام ئەوە لەلایەن چین و ڕوسیا ڕەتکرایەوە.**

**کاتێ ئەمەریکا لە سودانی لە تەقەدا و بە گەلکوژ تاوانباری کرد، کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی بە سەرکردایەتی UN دانی بە بوونی گەلکوژی لە دارفور نەنا، بەڵام لەبەر بوونی بەلایەنی کەم پاکتاو و تاوانی جەنگ و تاوانکاری دژە مرۆڤایەتی، بە ناچاری کەوتە بەردەم هەڵوێست وەرگرتن. بۆ سەلماندنی قورسایی و توانای خۆی دەبوایە بە کارێک هەڵبستێت، کە بەلایەنی کەم وابکات تاوانکاریەکان بوەستێندرێن. پێشنیاری سەرەتا 10 هەزار و پاشان 20 هەزار سەربازی ئاشتیپارێز کرا، بۆ چوونەناوەوە و پێشگرتن بە تاوانکاری زیاتر، بەڵام سودان دژی وەستا. لە لایەکیتر یەکێتی وڵاتانی ئەفریکا گوتیان ئێمە خۆمان کێشەی ئەفریکا چارەسەر دەکەین، ئەوان 7000 سەربازیان بە سەختی کۆکردەوە و بۆ هەندێ شوێنی کەمپی پەنابەران و دارفور ناردیان. کێشەی ئەو هێزانە، یەکەم زۆر کەم بوون، دووەم، دەسەڵاتێکی ئەوتۆیان پێنەدرابوو، بۆنمونە میلیتسەکانی جەنجەوید لە دەرەوەی کەمپەکان دەسوڕێنەوە، لە دەرەوەی کەمپەکان دەتوانن پیاوی دارفوری بکوژن، دەستدرێژی بکەنە سەر ژنەکانیان هتد. بەڵام هێزەکانی یەکێتی ئەفریکا ناتوانن پێشیان پێبگرن. ئێستا یەکێتی ئەفەریکا دەڵی ناتوانین چیتر خەرجیی ئەو هێزە بکێشین و دەکشێینەوە. ڕێکخراوی UN پەسندی ناردنی 20.000 سەربازی بۆ جێگرتنەوەی هێزەکانی ئەفریکا کردووە، بەڵام لە بڕیارەکەدا هاتووە دەبێ تەبامەندی رژێمی سودان وەربگیرێت[5]. ڕژێمی ئیسلامی سودان دیسان دژە، ئەوەی قۆستۆتەوە و دەڵێ ئێمە خۆمان پارێزگاری دارفور دەکەین و لێناگەڕێین هێزی ئاشتی پارێزی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان بێنە دارفور، دەڵێن ئەوە دەستی ئیمپریالیزمە و دەیەوێ دارفور لە سودان دابڕێ. چوونی هێزەکانی سودان بۆ دارفور مەترسی ڕاستەوخۆیە بۆ کوشتار و پاکتاوی زیاتر.**
**لەلایەکیتر ئەمەریکا و هەندێ وڵاتی ڕۆژئاوا هەرەشەی دەستێوەردان دەکەن و دەڵێن دەبێ هێزەکانی UN بەبێ تەبامەندی سودان، بچنە ئەوێ و ڕێگا بە کوشتار و پاکتاو و دەستدرێژی بگرن.**

**ڕێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامی OIC یا کۆمەڵەی عارەبی، تا ئێستا ڕیسوای پاکتاو و کوشتارەکانی دارفوریان نەکردووە، لە کوشتار و تاوانکاریەکان بەوەرام نەهاتوون، لەگەڵ ئەوەی دارفوریەکان موسوڵمانن. ئەوەی ئەوانە لە ئاستێکی**

پاسیڤدا تائێستا کردوویانە پشتگیری ڕژێمی ئیسلامی سودانیان کردووە، داوایان لە سودان کردووە، کێشەکە چارەسەر بکات.
جێگای بیرخستنەوەیە وڵاتانی ئیسلامی لەسەر چەند کاریکاتۆرێکی پێغەمبەری موسوڵمانان گەورەترین نارەزایی سەرتاسەری و جیهانیان بەرپاکرد، بەڵام لەسەر پاکتاوی گەلێک و کوشتنی 300.000 هەزار کەسی موسوڵمان تائێستا بە هیچ کارێکی نارەزایی هەڵنەستاون. هەروەکو بەپێی ڕووداوەکانی پێشوو دەرکەوتووە، وڵاتە موسوڵمان و عارەبەکان تەنها کاتێک بەدەنگ دێن، ئەگەر ناکۆکی لەگەڵ وڵاتانی ناموسوڵمان بێت، بەڵام چاوپۆشی لە تاوانکاری و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ دەکەن، ئەگەر وڵاتێکی موسوڵمان بە تاوانکاری و پێشێلکاریەکە هەڵسابێت. بۆنمونە سەبارەت بە پاکتاوی کورد و گەلکوژی ئەنفال هیچ هەڵوێستیان نەبوو و نەبووە. بەڵام بەرامبەر بە کوشتاری بۆسنیە موسوڵمانەکان زۆر بەوەرام بوون، چونکە لایەنی نەیار سرب و کریستیان بوون. بێگومان دەکرێ ئەوە گەلێ لێکدانەوەی بۆ بکرێت، لەوانە ئەو وڵاتە ئیسلامیانە نادیموکراسی و ئاوتۆریتاری یا دیکتاتۆرن بۆیە مافی مرۆڤ نرخێکی لای ئەوان نییە، چاوپۆشی لە چەوساندنەوەی گەلانی ژێردەستەی یەکتر دەکەن، هەروەها ئەو وڵاتانە ئایین بۆ دژایەتی ڕۆژئاوا و بۆ مەبەستی تایبەتی خۆیان بەکار دەهێنن. بەکورتی ئەوان بەچاوی جیاواز سەیری کارەسات و تاوانکاریەکان دەکەن، هەروەها ئایین بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان بەکاردەهێنن.
جێگای سەرنجە پارلەمانی کوردستان لەسەر کاریکاتۆرەکانی محەمەد و وتەی پاپای ئەو دواییە (کە ڕەخنەی لە میتۆدی بەئیسلامکردنی سەردەمی محەمەد گرت)، نیگەرانی خۆی پیشان دا و جۆرە هەڵوێستێکی نواندووە. هەڵوێستەکەی پارلەمان ئەوە دەردەخا کە پەرلەمانی کوردستان موسوڵمانەتی لاگرنگە. بۆیە دەکرێ چەند پرسیارێک بکەین: ئایا پارلەمانی کوردستان چەندە لە هەڵوێست وەرگرتن و لەگونجاوی هەڵوێستەکانیدا لەوبارەیەوە هوشیارە؟ ئایا پارلەمان چەند ئەگەری بوونی ڕەوتێکی دژە ڕۆژئاوا لەو کردەوانەی وڵاتانی عارەبی و ئیسلامی پێیهەڵدەستن، دەبینێت؟ ئایا پارلەمان بەچاوێکی بەرفراوان لە تاوان و پێشێلکاریەکان وەکو یەک دەڕوانێت و هەڵوێستی بەرامبەر بە تاوانکاریەکانی وڵاتانی موسوڵمان و ئیسلامی هەیە؟ ئەگەر موسوڵمانەتی لای پارلەمانی کوردستان گرنگە، دارفوری گەلێکی موسوڵمانن لە لایەن ڕژێمی ئیسلامی سودان و میلیتسەکانی جەنجەویدەوە، وڵاتەکەیان بەعارەبکراوە و خۆشیان گەلکوژ کراون و دەکرێن. پارلەمانی کوردستان بەرامبەر بەعارەبکردن، پاکتاو و گەلکوژی گەلی دارفور هەڵوێستی نەبووە. کوردستان خۆی قوربانی پۆلیتیکی پاکتاو، بەعارەبکردن و گەلکوژیە، بۆیە لە ئەگەری بوونی ئەو جۆرە تاوانکاریانەدا، دەکرێ چاوەڕوانی هەڵوێستی لێ بکرێت.

شایانی گوتنە، لەگەڵ ئەوەی گوترا تاوانکاری گەلکوژی لە دارفور لە ئارادایە، لەگەڵ ئەوەی زۆربەی وڵاتان و ئەندامانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لەسەر بوونی تاوان دژ بە مرۆڤایەتی تەبان، بەڵام کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی دەستەوەستان لەبەرامبەر کارەساتەکەدا وەستاوە. ئەو کورتە ڕونکردنەوەیەی سەرەوە هێما بۆ پارچەیی و ناتەبایی دەسەڵاتدارانی جیهان دەکات، هێما بۆ بێدەسەلاتی یا دەسەڵات لاوازی ڕێکخراوی UN دەکات.
گوترا گەلکوژی بەڵام چی ڕوویدا و چی کرا؟ لە هەوڵێکی سست و لاواز بۆ ئاشتی و پێشگرتنی کوشتار زیاتر چیتر نەکرا. کارەساتەکە هەر بەردەوامە. ستاتەکان هەمووی ئامادە نین دان بە بوونی گەلکوژی بنێن، دەکرێ ئەوەش بۆ گەلێ هۆ بگەڕیتەوە وەکو بەرزکردنەوەی بەرژەوەندی ناسیونالیستانە بەسەر کارەساتە مرۆڤایەتیەکان. پێویستە ئاماژە بەوە بکەین، کەوا پێناسەکەی UN کە بۆ گەلکوژی دایناوە، ئەویش بەرپرسیاریەتی لێرەدا دەکەوێتە ئەستۆ. پێناسەکەی UN پێناسەیەکی زۆر تەنگ و تەسکە، بۆیە ئاسان نییە لە سایەیدا تاوانی گەلکوژی بسەلمێندرێت. بۆنمونە ئەو پێناسەیە وای لەهەندێ شارەزا کردووە تەنها هۆلۆکۆست بە گەلکوژی دابنێن.

گوترا گەلکوژی، بەڵام هیچی ئەوتۆ تا ئێستا ئەوە بۆ دوو ساڵ دەچێت نەکرا. لێرەدا دوو خاڵ گرنگە سەرنجیان بدرێتێ:
یەکەم: کە دەگوترێ تاوانی گەلکوژی لە شوێنێک لە ئارادایە، ئەوە ئەرکێکی مۆرالی و یاسایی دەخاتە سەر کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی کە بەکارێ هەڵبستن، بەڵام ئەوە بڕیارێک نییە کە ناچاری کاردانەوەیان بکات، بە شێوەیەک کە ناچاریان بکات بەکاری دەستێوەردانی مرۆڤانە هەڵبستن. دیارە هەمیشە یا لە زۆربەی بارەکانی بوونی دەستێوەرداندا، بەرژەوەندی ناسیونالیستانە بەتایبەتی هی زلهێزەکان هەڕەشەی لێکراوە، بۆیە دەستێوەردانەکە کراوە.
دووەم: لەو بارەی ئێستادا کە کاردانەوەی گونجاو نەبوو و نەبووە، ئەوە لە نرخی ڕاگەیاندن و ناساندنەکە کەم دەکاتەوە، کە وادەکات تاوانکاران سڵ لە درێژەدان بە تاوانەکە نەکەنەوە، هەروەها تاوانکارانی دیکە هان دەدات کەوا

کەمتر ڕێز لە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی بگرن، بەمجۆرە ئەگەر نیازی گەلکوژانەیان هەبێت، ئەوە هێندە گوێ بە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی نەدەن.

بەکورتی کارەساتەکانی دارفور بەردەوامن، گەلی دارفور بەسەدان هەزاری لەناوبردراوە و هەڕەشەی لەناوچوونی لێدەکرێت. بەڵام کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی لەبەرامبەریدا پارچە و پاسیڤە، ناتوانێ کاریگەرانە و چالاکانە بە کاری بەرگرتن بە کارەساتەکە هەڵسێت، هەروەها ناتوانێ بە چارەسەر هەڵسێت. بەرژەوەندی تایبەتی ستاتەکان زاڵن، وڵاتی دیکتاتۆر و پەڕگیری ئیسلامی سودان ناترسێندرێ و گوشار ناخرێتەسەری. ئەوە هەمووی هێمایەکی خراپن بۆ بەرگرتن لە کارەساتی گەلکوژی لە شوێنی دیکەی جیهاندا، هەروەها ئەوە گۆتەی "هەرگیز جارێکیتر" کە لە دوای کارەساتی هۆلۆکۆست نیو سەدە بەر لە ئێستا گوترا، بۆجارێکی تر بەتاڵ دەکاتەوە.

[1] www.politiken.dk Onsdag 30. mar 2005
[2] www.politiken.dk Torsdag 9. sep 2004
[3] www.politiken.dk Fredag 4. feb 2005
[4] www.politiken.dk Onsdag 30. mar 2005

[5] bbcnews.com, "Darfur on the brink of new conflict", By Martin Plaut, BBC Africa analyst, 04.09.2006